# ڕێنووسە کۆنەکانی زاگرۆس و کاریگەرییان لەسەر ڕێنووس و زمانی کوردیی هاوچەرخ

دڵشاد عەزیز مارف (دڵشاد زاموا)[١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/٠٤/٢٠ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢٠/٠٨/٠٥

**کورتە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕێنووس و ئەلفبێ کۆنەکانی کوردستان، وەک ئاشکرایە کە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە زاگرۆس و میسۆپۆتامیا پێکدێت و بە لانکەی شارستانییەت دادەندرێت، لێرەوە ژیانی هەزاران ساڵەی ئەشکەوت بەرەو دروستکردنی یەکەم لادێ دەستی پێ کرد، لێرەوە هێما وێنەییەکان بەرەو کۆنترین نووسینی وێنەیی و پاشان نووسینی مێخی دەستی پێ کرد. لەم نیشتیمانەدا چەندین زمانی کۆنی وەک زمانی سوباری، خورری، ئورارتی، میدی و تەنانەت ئەکەدی و ئاشوری و بابلی لە ڕێگەی خەتی مێخییەوە تۆمارکراون، هەندێ زمانی وەک لوللوبی و گوتی و کاشییەکان بەپێی ئەو بەڵگانەی تا ئێستە لەبەردەستدان هیچ کات پێیان نەنووسراوە و تەنها ناوی شار و کەسە لوللوبی و گوتی و کاشییەکان ماونەتەوە. ئورارتییەکان جگە لە خەتی مێخی، خەتی هیرۆگلیفیشیان بەکارهێناوە. لە سەدەی هەشتەمی (پ.ز.)ەوە خەتی ئارامی هەتا ئەم سەردەمی ئەمڕۆمان بۆ نووسین لە کوردستاندا بەکاردێت. ئەلفوبێی گرێکی لە دوای هێرشی ئەسکەندەرەوە لەم نیشتیمانەدا بەکارهێندراوە، ڕۆمەکان لاتینییان لەسەر میلە بەردینەکان بەکار هێناوە، ئەشکانی و ساسانییەکان ئەلفبێی ئەشکانی و پەهلەوی (پارسی ناوەڕاست)یان بەکار هێناوە، ئەلفبێ کۆنە کوردییەکە تا کۆتایی عەباسییەکان (سەدەی ١٣ز.) بەکار دەهێندرا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات باس لە گەشەسەندنی خەت و نووسین و ئەلفبێ لە کوردستاندا بکات و تێیدا چەند دەق و نووسینێکی کۆن بۆ یەکەمجارە بە زمانی کوردی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** ئیسکریپتگەل کۆن، بزماری، ئەلفبت کوردستان.

## Old Zagros scripts and their influence on the Kurdish language script in modern times

Delshad A. Marf Zamua[2]

Recive data: 2020/04/20 Accpte data: 2020/08/05

**Abstract**

We all know that the first invented writing rose in southern Mesopotamia in Sumer, but the earliest attitudes before the invention of writing began in the Upper Mesopotamia and the Zagros mountains in Kurdistan. Cuneiform script as the most ancient used script had been used as the main script for around three millennia (third, second, and first millennium B.C.E.) in Kurdistan. Then the Aramaic script, Greek & Latin, Parthian and Pahlavi scripts, Hebrew, Arabic, and the Old Kurdish Alphabet that survived to the late Abbasid Period (13th century A.D.) all these scripts been used for writing different ancient languages in Kurdistan. Except the last one, the Old Kurdish Alphabet, the only known attestation record about this Kurdish alphabet made by the Abbasid author Ibn Wahshiyya al-Nabati in his book about the ancient records and scripts, this Kurdish script was the only known script that used for recording Kurdish language.In this paper in addition of giving a detailed overview about all the known ancient scripts and languages in Kurdistan, and their history, we deal with different research questions, we try to.

**Keywords:** Ancient Scripts, Cuneiform, Alphabets, Kurdistan.

[١] مامۆستا لە بەشی شوێنەوارناسی، زانکۆی سلێمانی dlshadazamua@gmail.com

[2] Archaeology Department, Sulaimani University, Kurdistan-Iraq. dlshadazamua@gmail.com

## قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی نووسین و جۆرەکانی نووسین و ئەلفبێ لە کوردستان

### ١- چاخەکانی پێش مێژوو: سەردەمی بەکارهێنانی وێنە و نەخش و نیگار وەك هێما بۆ گەیاندنی پەیامی مرۆڤەکان

لەو کاتەوەی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی دەستی پێ کردووە، مرۆڤ هەوڵی داوە پەیوەندی بە مرۆڤی بەرامبەریەوە بکات، جا ئەو پەیوەندییە لە ئاماژەکانی دەست و پەنجە و لاشە و دەم و لێوەوە بووبێت یان بە هەوڵدان بۆ ئاخاوتن، لەگەڵ دروستبوونی زمان مرۆڤ توانی ڕووداو ئەزمونەکانی ژیانی و مێژووی خۆی بۆ نەوەی دواتر بە شێوەی زارەکی بگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی ئەشکەوت لە بەشی کۆتایی چاخی بەردینی کۆندا لە دەوروبەری ٥٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر توانی نیگار و دیمەنی سروشتی ئاژەڵان و دیمەنی ڕاوکردن و چەندین هێمای جیاواز لەسەر ڕووی دیوارەکان بکێشێت، دواتریش لەچاخی بەردینی ناوەڕاستدا لەسەر تاشەبەردی گەورە وێنە و هێمای جۆراوجۆری نەخش دەکردن(وێنەی ١).



وێنەی ١: نەخشی سەر تاشەبەرد، وێنە وەک دەربڕین لە جێگەی نووسین، چیای سورین(فۆتۆ دڵشاد زاموا).

لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی کشتوکاڵی لەچاخی بەردینی نوێ و سەرەتای ژیانی لادێنشینی مرۆڤ فێری دروستکردنی گۆزە بوو، لەسەر ڕووی گۆزەکان چەندین دیمەن و هێمای جۆراوجۆر دەکێشران، بە هەمان شێوەش وێنە و هێما جیاوازەکان لەسەر گۆزە و مۆرەکانی چاخی بەردینی کانزایی بەردەوام بوون، بە هەموو ئەو چاخانەی پێشوو کە لێرەدا باسمانکردن دەگوترێت چاخەکانی پێش مێژوو، نەک لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ مێژووی نەبووە و مێژوو و ڕووداوەکانی بۆ یەکتر نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لەو چاخانەدا مرۆڤ نووسینی نەزانیوە تا مێژووی پێ تۆمار بکات، بەڵام دۆزینەوەی نووسین بە سەرەتای چاخە مێژووییەکان دادەندرێت. لە خوارەوە قۆناغ بە قۆناغ باس لە کۆنترین نووسین و خەتە بەکارهاتووەکانی کوردستان دەکەین. لە ناوچەکانی زاگرۆس و میسۆپۆتامیادا ئەو قۆناغانە بریتی بوون لە قۆناغی نووسینی وێنەیی (٣٥٠٠پ.ز.)، قۆناغی نووسینی مێخی (٣٢٠٠پ.ز.-١٠٠ز.)، قۆناغی دەستپێکی بەکارهێنانی ئەلفبێی ئارامی (٨٤٠پ.ز.)، قۆناغی بەکارهێنانی هیرۆگلیفی حاتی و ئورارتی (٨٠٠پ.ز.)، قۆناغی بەکارهێنانی ئەلفبێی گریکی و ئارامی (لە دوای ٣٣١پ.ز.)، قۆناغی دەستپێکی بەکارهێنانی ئەلفبێی ئەشکانی و پەهلەوی (١٥٠پ.ز.)، قۆناغی بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی و زمانی ڕۆمانی (لە دوای ٦٤پ.ز.)، قۆناغی بەکارهێنانی ئەلفبێی عەرەبی (لە دوای ٦٤١ز.)، قۆناغی بەکارهێنانی ئەلفبێی کۆنی کوردی تۆمارکراو لەلایەن ئیبن وەحشیەی نەبەتی، قۆناغی ئەلفبێی نوێی کوردی و ئەلفبێی لاتینی.

### ٢- هێما وێنەییەکان قۆناغێک پێش دەرکەوتنی نووسینی وێنەیی

لە سەرەتای چاخی بەردیندا بۆ یەکەمجار مرۆڤ هەوڵی دا لە کۆمەڵگەکەیدا بۆ مەبەستی بازرگانی لەسەر ژمارەیەک هێما ڕێک بکەوێت، ئەو هێمایانەش لە قوڕ یان بەردی بچکۆلە بە قەبارەی یەک دوو سانتیمەتر دروست دەکران، ئەم هێمایانە دەکرێت بە هێمای بچکۆلە

ناوبندرێن، بە ئینگلیزی شوێنەوارناسان پێیان دەڵێن (tokens) و ئەم هێمایانە لەکاتی مامەڵە و بازرگانیدا بەتایبەت لە کاتی قەرزپێدان و بردنی کاڵا بۆ فرۆشتن بە پێی جۆر و ژمارەی کاڵاکە هێماکان دروست دەکران، بۆ نموونە پەیکەرە هێما بچووکەکان بە پێی جۆری کاڵا بازرگانییەکە دروست دەکران ئەگەر بازرگانی بە ئاژەڵەکانەوە بکرایە ئەوە شێوەی سەری گامێش هێما بوو بۆ گامێش، بازنەیەک هێمای دوو هێڵی یەکتربڕی تێدا بێت هێمایە بۆ مەڕ، گۆزەیەک ئاماژەیە بۆ ئەو خواردنەوەیەی کە تێیدایە، هەروەها هێمای قاپێک ئاماژەیە بۆ پێدانی خواردن بە کرێکاران لە کارگەکانی ڕستن و چنین یان لە بەندەر و بنکە بازرگانییەکاندا، بەو شێوەیە چەند گۆزەیەک لە دانەوێڵە و ڕۆن و خواردنەوە لەسەر شێوەی گۆزەی بچووک بە قوڕ یان بەرد دروست دەکران بەپێی ئەو ژمارەیەی کە مامەڵەی پێوە دەکرا، پاشان هێماکان دەخرانە ناو تۆپەڵە قوڕێکی ناوبۆشەوە کە بە ئینگلیزی ناونراوە (bulla) تۆپەقوڕەکە لە هەموو لایەکەوە دادەخرا، پاشان بە مۆری لوولەیی هەموو لایەکانی مۆر دەکرا، تۆپە قوڕێکی تری هاوشێوە بە هەمان جۆر و ژمارەی کاڵاکە دروست دەکرا و مۆر دەکرا (بۆ زانیاری دەڕواندرێتە ٥. Marf 2019,5-6; Schmandt-Besserat, 1992, p.17ff.)، (وێنەی ٢).



وێنەی ٢: دیمەنی تۆپەقوڕ و ئەو هێما قوڕینانەی پێش نووسین بەکار هێندراون (Schmandt-Besserat, 1977).

ئەو دووکەسەی کە مامەڵە بازرگانییەکەیان دەکرد هەر یەکێکیان تۆپە قوڕێکی لای خۆی هەڵدەگرت، ئەگەر هەر لێک تێنەگەیشتنێک هەبوایە یان کاتێک بازرگانەکە دەگەیشتە جێگەی مەبەست بۆ دڵنیابوون لە ژمارەی کەلوپەل و کاڵا بازرگانییەکان تۆپە قوڕەکە دەشکێندرا و هێما پەیکەرە بچووکەکان دەژمێردران بۆ دڵنیابوون لە گەیشتنی بارەکە بە تەواوی، بۆ قەرزداریش بە هەمان شێوە. ئەم تۆپە قوڕانە و هێماکانی ناویان لە چاخی بەردینی نوێدا زیاتر لە ١٠ هەزارساڵ لەمەوبەر لە ناوچەکانی زاگرۆس و میسۆپۆتامیا بەکار هێندراون، پاشان لە سەرەتای چاخە مێژووییەکاندا لە دەوروبەری ٣٥٠٠پ.ز. لە چەند شوێنەوارێکی کوردستاندا وەک شوێنەوارەکانی گۆدین تەپە لە نزیک کرماشان و لە شاری سوسە لە وڵاتی عیلام، لە تەپەگەورە و تەل بیلا لە نزیک بەعشیقە لە باشووری کوردستان، لە شوێنەواری گردی بەڕاق (تەل براک) لە نزيك حەسەكە لە خۆرئاوای کوردستان ئەم هێما و پەیکەرانە بەکارهێندراون، جگە لە دۆزینەوەی ئەم هێمایانە و تۆپە قوڕەکانی ناویان لە شاری ئوروک (وەرکا)ی سومەرییەکان و گردی شوێنەواری حبوبە کەبیرەی نزیک حەلەب و لە چەندین شوێنەواری تر لە خۆرهەڵاتی کۆن (باقر، ٢٠١٢،ص ٢٦٧; الجميلي، ٢٠٠٥، ١٧).

## ٣- نووسینی وێنەیی

لە دوای داهێنانی ئەو هێمایانەی لە سەرەوە باسمان کردن، لە قۆناغێکی نوێدا سومەرییەکان هەوڵیان دا ئەو هێمایانەی کە لەوەو پێش لە بەرد و قوڕی بچکۆلە کە وەک هێمای کەلوپەل و کاڵاکان دروست دەکران و دەخرانە تۆپەقوڕەکانەوە لەمەودوا تەنها لەسەر تاتەقوڕ وێنەیان بکێشرێت، بەم شێوەیە نووسین قۆناغی یەکەمی دەست پێ کرد و ئەم قۆناغەش پێی دەگوترێت نووسینی وێنەیی (Pictographic). نموونەی ئەم نووسینە وێنەییە لە شاری ئوروک(وەرکا)ی سومەری، و گردی بەڕاق (تل براک) لە خۆراوای کوردستان لە نزیک حەسەکە و لە جەعدەتولمەغارە لە نزيك حەلەب و لە شاری سوسە لە عیلام لەسەر تاتە قوڕەکان دۆزرانەوە (باقر، ٢٠١٢،ص ٢٦٧; الجميلي، ٢٠٠٥، ١٧).

The Quarterly Journal of Shinrwê

## ٤- نووسینی مێخی

پاش سێ سەدە و لە دەوروبەری ٣٢٠٠پ.ز. سومەرییەکان توانییان هێماکانی ئەو جۆرە نووسینە وێنەیە بگۆڕن بۆ هێمای مێخی و وێنەکان سادەتر و کورتتر بکەنەوە، بەم شێوەیە یەکەم نووسین داهێندرا و تواندرا دەربڕین و ڕستەسازی و فرمانەکان لەم نووسینەدا جێگەی بکرێتەوە، و نووسینی مێخی بە درێژایی سێ هەزار ساڵ لە برەودابوو و لە هەموو قۆناغێکدا کورتتر و پوختتر دەکرایەوە، کۆنترین زمان کە بەم خەتە مێخییە تۆمار کرابێت زمانی سومەری، هەردوو شێوەزاری بابلی و ئاشورییە کە بە بەشێک لە زمانی ئەکەدی دادەندرێن، زمانی ئیلامی، زمانی خوری، زمانی حیتی، زمانی ئورارتو، زمانی میدی-فارسیی کۆن(رشید، ٢٠٠٩، ص13; Van De Mieroop, 1999, p.9-13).

هێما مێخییەکان لە ڕێگەی ئامرازێکی نووک تەنک و تیژ کە بە قەڵەمی قامیش ناسراوە دەکێشران، ئەم قەڵەمە زۆربەی کات لە قامیش دروست دەکرا و لەسەر قوڕ پاڵی پێوەدەنرا و وەک قەڵەمی ئەم سەردەمە بۆ نووسین بەکار دەهێندرا. قامیشەکە لێوارێکی تیژی سێگۆشەیی هەبوو، کە پێی دەگوترێت مێخ، بە داگرتنی ئەم قامیشە لەسەر تاتەقوڕەکە نوکە تیژە شێوە مێخییەکەی قامیشەکە سەری خەتەکێشراوەکەی گۆشەکانی هێماکانی وەک سەری مێخ و بزمار نیشان دەدا لەبەر ئەوە شوێنەوارناسانی بیانی سەدەو نیوێک لەمەوبەر ئەم جۆرە نووسینەیان کە لە شوێنەوارەکانی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس دۆزییەوە ناویان نا (cuneiform) واتە شێوە مێخی و بە زمانی عەرەبییش شوێنەوارناسان ناویانا (الخط المسماري) واتە خەتی مێخی/بزماری (Van De Mieroop, 1999, p.9-13).

لە کوردستاندا کۆنترین دەقی مێخی کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە دەقە ئیلامییە کۆنەکانن کە بۆ هەزارەی چوارەمی پ.ز. دەگەڕێنەوە، پاشان لە ناوچەکانی تردا زمانی ئەکەدی کە پەیوەندی بە زمانە کۆنەکانی کوردستانەوە نەبوو، بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانی خەتی مێخی و ئیمپراتۆرییەتی ئەکەدیدا(٢٣٥٠-٢٢٢٥پ.ز.) وەک زمانی دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەتەکە بڵاوبووەوە و ئیتر زمانی ئەکەدی بۆ نووسینی ئەو دەقە مێخییانە بەکار دەهێندرا، "نەرامسین"ی پاشای ئەکەدی چەند میلێکی سەرکەوتنی بەسەر لوللوبییەکان و خوررییەکان لە ناوچەکانی خۆرهەڵات و باشوور و باکووری کوردستان تۆمارکردن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ئەکەدی و سەربەخۆبوونەوەی ناوچەکانی کوردستان، پاشایان و نووسەرانی لوللوبییەکان و خوررییەکان زۆربەیان زمانی ئەکەدیان لە تۆمارە شاهانە و ئابورییەکاندا بە کاردەهێنا، بۆ نمونەی پاشای لوللوبییەکان کە ناوی ئانوبانینی بوو لە سەرپولی زەهاو لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە ڕووی بەردینی دەربەندەکەدا تۆمارێکی شاهانەی نووسیوە کە ٧٥ دێڕ خەتی مێخییە و بە زمانی ئەکەدی تۆمارکراوە(رشید، ١٩٧٦، ٤٩). هەروەها لە نزیک شاری سلێمانی لە دۆزینەوەیەکی تازەی شوێنەوارناسیدا دەیان دەقی مێخی لە شوێنەواری گردی کونارە دۆزرایەوە کە لوللوبییەکان بە زمانی ئەکەدی تۆماریان کردبوو و دەقەکان زۆربەی دەربارەی کۆکردنەوە و عەمبارکردنی دانەوێڵەی ناوچەکەیە(Kepinski & Tenu 2014 4-19).

دواتریش لە دەشتی شارەزوور لە گردی بەکراوە و لە دەشتی بتوێن لە گردی شمشارە و باسموسیان چەندین دەقی مێخی ئابووری و ئایینی و دیپلۆماسی لە هەزارەی دووەمی پ.ز.دا بە هەردوو دیالێکتی بابلی و ئاشوری سەر بە زمانی ئەکەدی تۆمارکران ( Eidem, 2001, Eidem & Laesso, 1992). لە کۆتایی هەزارەی سێیەم و بە درێژایی هەزارەی دووەمی پ.ز. لە ناوچەکانی حەمرین و کەرکووکدا ژمارەیەک شار و ئاوەدانی خوررییەکان هەبوون لەو شوێنانەی سەدان دەقی مێخی بەتایبەت لە تەل حەداد لە حەمرین، لە شارەکانی ئاراپخا (کەرکووک)، گاسور (نوزی لە شوێنەواری گردی وێران تەپە) و لە کوروخانی دەقە مێخییەکان بە زمانی ئەکەدی و دیالێکتی بابلی تۆماردەکران، بەڵام چەندین وشە و زاراوەی زمانی خوری تێدابوو، بەجۆرێک دەتواندرێت ئەو شێوازە لە نووسین و ئاخاوتن بەراورد بکرێت بەو شێوازە تێکەڵەی قسەکردن و نووسین لە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و دەوروبەری کە بە جۆرێکە زۆرجار هەست دەکەیت کە ئەمە زمانێکی تێکەڵە لە کوردی و عەرەبی، بەو شێوەیەش زمانی ئەکەدی بووە فراوانترین زمانی بەکارهێندراو لە کوردستان و لە شوێنەواری تەل لەیلان لە خۆراوای کوردستان سەدان دەقی مێخی بە دیالێکتی ئاشوری کۆن/بابلی کۆن تۆمار کرابوون(رشید ٢٠٠٩).

دواتریش ئاشورییەکان کە ناوچەکەیان داگیرکرد دەیان دەقی مێخی بە شێوەزاری ئاشوری لە ناوچە شوێنەوارییەکانی کوردستان دۆزرانەوە، وەك دەقەکانی ساتوقەڵا لە دەشتی کۆیە کە لەلایەن شانشینی ئیدوی لوللوبییەکانەوە بە خەتی مێخی و شێوەزاری ئاشوری تۆمارکران، هەروەها دەقەکانی گردبازاڕ لە قەڵادزێ، گردی سیتەک لە خۆرهەڵاتی سلێمانی، گردی باستکێ (شاری مارداماني خورییەکان) لە خۆراوای دهۆک لە کۆی دۆزینەوەی ٩٤ تابلێتی مێخی تەنها دوو دانەیان بە زمانی خوریی نووسراون و ئەوانی تر بە شێوەزاری ئاشوری(Mohammed, 2019, p.60).

بەکارهێنانی زمانی ئەکەدی و هەردوو شێوەزاری بابلی و ئاشوری لە لایەن گەلانی کۆنی کوردستانەوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، بە پلەی یەکەم زاڵبوونی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و کەلتوری گەلانی دەشتەکانی میسۆپۆتامیا بە تایبەت ئەکەدی و بابلی و ئاشورییەکان کە بەردەوام لە هەوڵی داگیرکردنی ناوچەکەدا بوون، پاشان هۆکاری تریش هەبوون، وەک بەرهەمهێنانی نووسەری ناوخۆی و فێرکردنیان لەسەردەست و لە قوتابخانە ئەکەدی و بابلی و ئاشورییەکاندا لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان، هەروەها زاڵبوونی زمانی ئەکەدی و شێوەزارەکانی لە خۆرهەڵاتی کۆندا کە بووە لینگوافرانکای خۆرهەڵاتی کۆن.

## ٥- هیرۆگلیفی حاتی و ئورارتی

ئورارتییەکان لە سەدەی هەشتەمی پ.ز. لەگەڵ ئەوەی بۆ زیاتر لە پێنج سەدە لەوەوپێش خەتی مێخی و زمانی ئورارتییان بۆ نووسین بەکار دەهێنا کە یەکێک بوو لە زمانە کۆنەکانی کوردستان و چەندین وشە و زاراوەی کۆنی ئەو زمانە لە زمانی کوردیدا ماوەتەوە، بەڵام جگە لەو نووسینە مێخییە، نووسینی وێنەیی هیرۆگلیفی ئورارتوییان داهێنا، کە بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لەسەر خشڵ و کەلوپەلە کانزاییەکان بوون، ئەم نووسینە وێنەیی تا ئێستا بە تەواوەتی نەخوێندراوەتەوە(دارا،٢٠١٨).

## ٦- خوررییەکان ئەلفبێیەکی مێخی دادەهێنن

وەك ئاشکرایە فێربوونی نووسینی مێخی کارێکی ئاسان نەبوو و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ژمایەکی کەم خەڵک دەبوونە نووسەر، ئەوانیش منداڵی بنەماڵەی دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندەکان و منداڵی کاهینەکان بوون، بێگومان ئەوانیش هەموویان نا، تەنها ئەوانەی کە باوانیان دەیانویست خوێندەواربن، بەڵام بۆ شازادەکان بە کوڕ و کچەوە پێویست بوو فێری نووسین و خوێندنەوە و مێژوو و ئەدەب بن، خەتی مێخی لەسەردەمی سومەرییەکاندا زیاتر لە ٣٠٠ هێما بوو، هێما هەبوو لە پەنجاو چوار خەت و مێخ پێک دەهات، هەر هێمایەک بەلایەنی کەمەوە لە دوو دەنگ پێک دەهات، دەنگی پیتێکی بزوێن و پیتێکی نەبزوێن، واتە بۆ نووسینی پیتی (ب) بە خەتی مێخی دەبوو یەکێک لەو هەشت هێما مێخییە هەڵبژێردرێن کە دەنگی پیتی (ب) لەگەڵ پیتە بزوێنەکان لە پێش و پاشی پیتی (ب) پێکەوە هێمایەکیان پێک دەهێنا، بۆ نموونە پیتی (ب) بە تەنیا هێمای مێخی خۆی نەبوو، بەڵکو بەهەشت هێما دەنووسرا هێماکانی (با، بو، بی) و هێماکانی (ئاب، وب، یب)، بەڵام خوررییەکان توانییان هەنگاوێکی زۆر باش بنێن، نزیکەی سێ هەزار و دووسەد ٣٢٠٠ساڵ لەمەوبەر، لە شاری بازرگانی ئوگاریتی کەناری دەریای ناوەڕاست (لە باکوری رۆژئاوای سوریا) هێما مێخییەکان بە شێوەیەک گۆڕانکارییان تێداکرا کە بۆ نووسینی ئەلفوبێی بگونجێن. هەروەک چۆن لەم سەردەمەی ئێستاماندا دا نووسینی ئەلفوبێی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی بەکار دێت، بۆ نموونە لەو ئەلفوبێ مێخییەی ئوگاریتدا تەنها بەلایەنی زۆرەوە ٣٠ هێمای مێخی بۆ ٣٠ دەنگ و پیتی جیاواز بەکار هێندران، و بەلایەنی کەمەوە ٢٢ هێما بەکارهێندران، هەروەک ئەلفبێی فینیقی کە دواتر دەرکەوت، هەریەکێک لە هێما مێخییەکان هێما بوو بۆ یەک دەنگ نەک دوو دەنگ، واتە هێمای مێخی (با) لێرەدا تەنها ئاماژە بوو بۆ دەنگ و پیتی (ب)، هەروەها هێمای مێخی (نا) ئاماژە بوو بۆ دەنگ پیتی (ن) (Vita, Juan-Pablo, 2009, p.221ff.). ئەم ئەلفبێ مێخییە دوا قۆناغی کورتکردنەوە و پوختکردنی خەتی مێخی بوو، بەڵام زۆر بە فراوانی بەکار نەهێندرا، چونکە ئەلفبێ فینیقی و عیبری و ئارامییەکان دەرکەوتن، ئەلفبێی ئارامی لە هەموو ئەلفبێکانی تر زیاتر بڵاوبووەوە.

## ٧- ئەلفبێی ئارامی

### ١-٧- ئەلفبێی ئارامیی کۆن

ئەلفبێی ئارامی لە ڕێگەی بازرگانی وشکانی بە زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵات و کیشوەری ئاسیادا بڵاو بووەوە، و لەڕێگەی بازرگانی دەریاییەوە ئەم ئەلفبێیە گەیشتە یۆنان و ئەلفبێی گریکی و پاشان ئەلفبێی لاتینی و ئەلفبێ لاتینییەکانی تری خۆراواش هەموویان لە ئەلفبێی ئارامییەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەلفبێی ئارامی تەنگی بە هەموو ئەلفبێکانی تر هەڵچنی و ئەمە جگە لەوەی کە وردە وردە تەنگی بە خەتی مێخی هەڵچنی و هەر لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی پ.ز.ەوە لە دیوانی کۆشکی پاشایانی ئاشوریدا جگە لە نووسەری خەتی مێخی و شێوەزاری ئاشوری، لە تەنیشتییەوە نووسەرێکی خەت و زمانی ئارامی لەسەر پێستە فەرمانە شاهانەکانیان تۆماردەکردن (وێنەی 3). جێی ئاماژەیە ئارامییەکان لە قاتوقڕییەکەی ساڵی ١١١٤پ.ز. لە سوریاوە هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی خۆراوا و باشوری کوردستان و بە دەشتی هەولێردا هەتا دەشتی کۆیە هاتن و بەشێکیان لە دەشتی بتوێن و دەوروبەری نیشتەجێ بوون، دواتریش پاشایانی ئاشوری بە هەزاران ئارامییان بۆ ناوچەکانی ڕواندز و ناوچەی وڵاتی زاموا لە سلێمانی و دەوروبەری ڕاگواست، بەو شێوەیە وەک کەمینەیەک لە زاگرۆسدا نیشتەجێ بوون (بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە توێژینەوەیەکی تایبەتمان Marf 2019, pp. 78-91).



وێنەی ٣: دیمەنی تۆمارکردنی تاڵانییەکانی شاری موساسیر(ئەردینی) لە ناوچەی برادۆست لەلایەن دوو نووسەری ئارامی و ئاشوری و وەزیرێکی ئاشورییەوە ( & Botta .(Flandin, 1972, pl.141.

لە زاگرۆس و کوردستان خەت و ئەلفبێی و زمانی ئارامی بەپێی ئەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کە تا ئێستا لەبەردەستدان کۆنترین دەقی ئارامی دۆزراوە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵانی ٧١٠پ.ز. کاتێک پاشا ئازا، پاشایماننایییەکان پەیماننامەیەکە کە تێیدا بە خەت و زمانی ئارامی دەقێکی درێژ لەسەر بەردێک نەخش کراوە، بەردەکە لە کۆندا شکێندراوە و تەنها بەشی کۆتایی نووسینەکە ماوەتەوە(وێنەی ٤)، لەو بەشەدا پاشا ئازا دۆعای خراپە لەو کەسانە دەکات کە میلەکەی دەشکێنن و نووسینەکەی دەشێوێنن:

"ئەگەر لە داهاتوودا هەر پاشایەک هەبێت ئەم میلە لا ببات، لە جەنگدا بێت یان لە ئاشتیدا بێت، هیواخوازم کە خواوەندەکان هەموو پەتاکانی سەرزەوی کە هەن لە کۆشکەکەی بدەن و ئازاری بدەن، و ئەو پاشایەش لەبەردەم خواوەندەکان و خواوەند خالدی و خواوەند بزعتر (تێیشیبا) نەفرەتلێکراو دەبن. (ئەو پاشایەی ئەم میلە لاببات و بیشکێنێ) قاتوقڕییەک لەوڵاتەکەیدا بڵاو ببێتەوە، حەوت مانگا (ئەوەندە شیرەکەیان کەم بێت) نەتوانن گوێرەکەیەک شیر بدەن، حەوت ژن لەسەر یەک تەنور نان بکەن، و نەتوانن (ڕووی تەنورەکە بە نان )پڕ کەنەوە. دووکەڵی ئاگردان(ی چێشت لێنان) و (هێندە دانەوێڵە لە وڵاتەکەی کەم بێت) دەنگی بەرداشی ئاش لە وڵاتەکەی نەبیسترێت و خاکەکەی ببێتە شۆرەکات و سەرکردەی سوپای وڵاتەکەی دژی

ڕاپەڕێت. ئەو پاشایەی کە لەسەر ئەم میلە (ناوی خۆی) دەنووسێت، لەلایەن خواوەند حەدادەوە تەختی شاهانەی سەرەوژێر بکرێت و لەگەڵ خواوەند خالدی (وا لە خاکەکەی بکەن) کە بۆ حەوت ساڵ گیا و لەوەڕگە لە وڵاتەکەی سەوز نەبێت. هیوادەخوازم هەموو ئەو نەفرەتیانەی کە لەسەر ئەم میلە نووسراون لەو پاشایە بدات (*Fales, 2003, 134-135*)." 



Fig. 5. — Fac-similé de l'inscription de la stèle de Bukān.

وێنەی٤: هێڵکاری میلە بەردین و نووسینە ئارامییەکەی بۆکان کە لە تەپە قەڵایچی دۆزرایەوە(Fales, 2003, fig.5).

بەکارهێنانی نووسینی مێخی لەلایەن پاشایەکی دەوڵەتیماننا لە سەدەی هەشتەمی پ.ز. لە ناوچەی بۆکان کە پایتەختی ئەو شانشینەی دەوڵەتی ماننای لێبوو و ناوی شاری ئیزیرتو بوو و شوێنەوارەکەی لە گردی تەپە قەڵایچی دۆزرایەوە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە نووسین و زمانی ئارامی لە کوردستاندا زوو بڵاوبووەوە و لەوانەیە چەندین دەقی تریش لە داهاتوودا بدۆزرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە نووسینی ئارامی زۆربەی لەسەر پێستە نووسراون و بە هۆکاری ئاووهەوا و ژینگە و شەڕ و سوتاندن زۆربەی دەستنووسەکان لەناو چوون.

## ٢-٧- ئەلفبێی ئارامیی ئیمپراتۆری

لە سەردەمی پاشا داریوشی یەکەمی پاشای هاخامەنشی فارسیدا، لە دوای ئەوەی ڕاپەڕینی میدی و بابلی و گەلانی تری دژی فارسەکان دامرکاندەوە، لە چیای بێستون بە سێ زمان و هەردوو خەتی مێخی و ئارامی سەرکەوتنەکانی تۆمارکردن. هەر لەو کاتەوە داریوشی یەکەم بڕیاری دا کە خەت و زمانی ئارامی بکاتە خەت و زمانی فەرمی ئیمپراتۆرییەتی فارسی هاخامەنشی کە لە هیندستانەوە هەتا لیبیا و گریکستانی لەژێر دەستدا بوو. بەم شێوەیە بۆ ماوەی دوو سەدە لە کوردستانی ژێردەستی دەوڵەتی هاخامەنشیدا خەت و زمانی ئارامی بە فەرمی بۆ کارەکانی دەوڵەت و بازرگانی بەکار هێندراوە(کخ، 2004، ٢٨-٢٩).

## ٣-٧- ئەلفبێی ئارامیی کلاسیکی

وا دیارە بەکارهێنانی خەت و زمانی ئارامی لە کوردستاندا بەردەوام بووە، لە سەدەی هەشتەمی پ.ز.دا لەلایەن مانناییەکان و ئاشورییەکان، پاشان بووە خەت و زمانی فەرمی ئیمپراتۆرییەتی هاخامەنشی، دواتریش لە سەدەی یەکەمی پ.ز.دا چەند دەقێکی ئارامی تر لەسەر پێستە تۆمار کراون، لە ناو گۆزەیەکدا چەند قەباڵەیەک لە هەورامان دۆزرانەوە، قەباڵەکان لەسەر پێستە نووسرابوون و بە خەت و زمانی ئارامی و یۆنانی تۆمار کرابوون و ئەم دەقانە شاهانە نەبوون، بەڵکو گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی چەند ڕەز و باخێکی هەورامان بوون (أحمد، ١٩٨٨، ٥٧٢)، بەکارهێنانی خەتی ئارامی کلاسیکی لە هەورامان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە خەتی ئارامی بەردەوام بەکار هێندراوە(وێنەی ٥).



وێنەی ٥: یەکێک لە قەباڵە چەرمەکانی هەورامان کە بە ئارامی کلاسیکی تۆمارکراوە((أحمد، ١٩٨٨، وێنەی ٣٣).

## ٤-٧- ئەلفبێی ئارامیی خۆرهەڵاتی (سریانی)

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی بەناو کوردستاندا هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مەسیحییەتەوە و لە سەدەی یەکەمەوە و لە سەدەکانی دواتردا ئەم ئایینە وردەوردە گەشەی کرد بەتایبەت لە باکور و خۆراوا و باشووری کوردستاندا، چەندین دێر و کەنیسە دروست کران، خوێندن و نووسین لەلایەن قەشەکانەوە بە خەت و زمانی ئارامی بوو، لەبەر ئەوەی کە ئەم خەت و زمانە هەمان زمانی ئینجیلی پیرۆز بوو، ئەمە جگە لەوەی ناوچەکەش پێش زیاتر لە حەوت سەدە لە هاتنی حەزرەتی مەسیح ئاشنا بوو بە بەکارهێنانی خەت و زمانی ئارامی، لەبەر ئەوە چۆن لە حوجرەی مزگەوتەکاندا لە سەردەمی دوای هاتنی ئیسلام، زمان و ئەلفبێی عەرەبی بەکار دەهێندرا، بەهەمان شێوە کوردە مەسیحییەکان خەت و زمانی ئارامییان بەکار دەهێنا، کە دواتر کەمێک گۆڕانکاری بەسەردا هات و پێی گوترا سریانی یاخود ئارامیی خۆرهەڵاتی و هەتا ئەمڕۆش خەت و زمانی کەنیسەکانی کوردستانە.

## ٨- ئەلفبێی گرێکی

سەرەتای پەیوەندیی گرێک بە ناوچەکانی کوردستانەوە لەوانەیە بۆ مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆتس (٤٨٥-٤٢٥پ.ز.)بگەڕێتەوە کە لە کتێبەکەیدا باسی چەندین زانیاری ورد دەربارەی کوردستان و زاگرۆس و میدییەکان دەکات، لەبەرئەوە گومان دەکرێت کە سەردانی کوردستانی کردبێت، بەڵام بەڵگەی ڕوون لە سەردەمی سەرکردەی سەربازی گرێکی زەینەفۆن و دە هەزار سەربازە بەکرێگیراوە گرێکییە کی شازادە کۆرشی فارسی لە ساڵی ٤٠١پ.ز. ەوە دەردەکەوێت، کاتێک ئەو سەربازانە لەگەڵ شازادەی فارس هاتن تا پاشای ئیمپراتۆریەتی هاخامەنشی فارسی بکوژن، کە برای شازادە کۆرش بوو بۆ ئەوەی کۆرش ببێتە پاشا و ئەوانیش سودمەند بن، بەڵام بە کوژرانی کۆرش خەونی ئەو ١٠ هەزار سەربازە گرێکییە لەناوچوو و ناچاربوون بۆ خۆ دەربازکردن لە بابلەوە بەرەو قوڵایی کوردستان بکشێنەوە و لە ناوچەکانی گەرمیانەوە خۆیان گەیاندە دەشتی هەولێر و نەینەواو لەوێوە بە وڵاتی کاردۆخیادا بەرەو دەریای ڕەش کشان. بە تێپەڕینیان بە کاردۆخیادا پێویستیان بە وەرگێڕ هەبوو و چەند جارێک کاری وەرگێڕانیان بۆ کراوە و وەک ئەوەی زەینەفۆن دەیگێڕێتەوە، بێگومان بوونی کەسانێک کە هەم زمانی گریکیان زانیوە و هەم زمانی کاردۆخی شتێکی گرنگ بووە بۆ ئەو سەردەمە، بەڵام وەک نووسراو تا ئێستا هیچ نووسراوێکی گرێکیی ئەو سەردەمە نەدۆزراوەتەوە.

بە هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی و سەرکەوتنی لە شەڕی ئەربێلادا لە ساڵی ٣٣١پ.ز. و کەوتنی ئیمپراتۆرییەتی فارسی هاخامەنشی ناوچەکانی کوردستان کەوتنە ژێردەستی گرێک و مەکدۆنییەکان و هەتا ساڵانی ١٥٠پ.ز. ناوچەکە لەژێر داگیرکاری ئەواندا بوو. یەکێک لەو تۆمارە یۆنانییانەی کە تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە نووسینێکی یۆنانییە کە لە گردی باخچان لە شاری هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٩ دۆزراوەتەوە و تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە، هەروەها لە دەروازەی ئەشکەوتی کەرەفتو لە نزیک دیواندەرە-سەقز نووسینێکی یۆنانی کورت لەسەر ڕووی دەروازەی ئەشکەوتەکە نەخشێندراوە کە بە یەکێک لە نووسینە دەگمەنەکانی کوردستان دادەندرێت، و بۆ سەردەمی سلوکییەکان بۆ سەدەی ٣پ.ز. دەگەڕێتەوە(وێنەی ٦)، دەقی نووسینەکە دەڵێت:

"ئەم شوێنە هی هیراکلیسە، هیچ شەڕەنگێزی و خراپەیەک ناتوانێت بێتە ئێرە."



وێنەی ٦: تۆمارکردنی نووسینە گریکییەکە لەلایەن ستێن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا (Stein, 1940, fig.98).

## ٩- ئەلفبێی ئەشکانی و پەهلەوی (پارسی ناوەڕاست)

ئەلفبێی ئەشکانی لە سەردەمی ئەشکانییەکان (٢٥٠پ.ز.-٢٢٤ز.) لەسەر سکە ئەشکانییەکان و هەندێک نووسینی شاهانەی پاشایانی ئەشکانی و پاشایانی ساسانی بەکارهێندراوە، ئەم ئەلفبێیە لە ڕاستەوە بۆ چەپ بۆ نووسین بەکار دەهێندرا، و لە ٢٢ پیت پێک دەهات، نووسینی ئەشکانی وەک ئارامی پیتەکانی وشەکان بە جیا دەنووسران و لەیەک نەدەدران. نووسینی پەهلەوی کە پێشی دەگوترێت پارسی/فارسی ناوەڕاست، یاخود پارسیک. ئەم نووسین و زمانە لە سەردەمی ساسانیدا بە فەرمی بەکار هێندراوە. پەهلەوی یەکەم جۆری نووسینە کە پیتی وشەکانی پێکەوە نووسراون و بەو شێوەیەی کە ئێستا لە نووسینی کوردی و فارسی و عەرەبیدا بەکار دێت. پەهلەوی وە ک زمان و وشە زۆر نزیکە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆ، تەنانەت بەراورد بە زمانی فارسی ئەمڕۆ، زمانی کوردی نزیکترە لە پەهلەوی. باشترین نموونەی بەکارهێنانی نووسینی ئەشکانی لە تۆمارە شاهانەکەی پاشای نارسەی ساسانی لە ساڵی ٢٩٣ز. دا لە پەیکوڵی لە نزیک دەربەندیخان کە لە سەر دەیان بەرد بە نووسینی ئەشکانی و پەهلەوی تۆمارکراون(مارف، ٢٠١٨، ١٣٧-١٦٥ ;ئەحمەد، ٢٠١١، ١١-٣٦) (وێنەی ٧).



وێنەی ٧: بەردەکانی مۆنۆمێنتی پەیکوڵی لە مۆزەخانەی سلێمانی (فۆتۆ: دڵشاد زاموا).

## ١٠- ئەلفبێی لاتینی و زمانی ڕۆمانی

یەکێک لەو بەڵگە شوێنەوارییە گرنگانەی بەکارهێنانی خەت و زمانی ڕۆمانی لە کوردستان، دۆزینەوەی میلێکی ڕۆمانییە کە بە خەت و زمانی ڕۆمانی نووسراوە، ئەم میلە ئێستە لە مۆزەخانەی شارستانیی هەولێرە، ڕۆمەکان لە سەردەمی ئیمپڕاتۆر تراجان لە ١١٥ز. ناوچەکانی باکوری کوردستان و ناوچەکانی شاری سەنگارا(سنجار) و ئەربێلا(هەولێر)یان داگیر کرد. ئەم میلە کە بە میلەکەی کارسی ناسراوە، لە بنەڕەتدا لە ناوچەیەک لە نێوان شاری سەنگارا و ئەربێلادا داندراوە و کە دۆزرایەوە لەم ساڵانەی ڕابردوودا هێندرایە مۆزەخانەی شارستانی هەولێر، میلەکە بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی تراجان بەسەر ئەشکانییەکاندا تۆمارکراوە و باس لە تراجان و ئیمپڕاتۆر قەیسەر دەکات.

.(Palermo, 2019, fig.3.2.)

''ئیمپراتۆر قەیسەر کوڕی نێرڤای پیرۆز و بەخواوەند داندراو، نێرڤا تراجانوس ئۆپتیموس ئاوگستوس گێرمانیکوس، یەکێك لە باشترین بەهێزەکانی داکۆکیکار لە گەل، پۆنتیفێکس ماگزیموس، ئەو (تراجان) پێی دەوترا سەرکەوتوو بەسەر پاشیا(دەوڵەتی ئەشکانی) و داسیکوس(داسییەکان لە باشوری ڕووباری دانوب و لە سنوری ڕۆمانیای ئێستا).''

## ١١- ئەلفبێ و زمانی عیبری لە کوردستاندا

لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی پ.ز. چەند پێغەمبەرێکی جوولەکە دەرکەوتن و چەند بەشێکی تەورات لە بابل نووسرانەوە، یەکێک لەو بەشانە سفری حەزرەتی دانیالە کە جیاواز لە سفرەکانی تری کتێبی پیرۆزی تەورات لەگەڵ چەند سفری تر بە خەت و زمانی عیبری نەنووسران بەڵکو بە خەت و زمانی ئارامی نووسراون، ئەمەش بە ڕێنووسێکی تایبەتی ئارامی دادەندرێت و پێی دەگوترێت ئارامیی تەورات. یەکێک لەو نووسینە دەگمەنانەی کە لە کوردستان لەم ساڵانەی ڕابردوودا دۆزرایەوە، کێلی گۆڕی خاتونێک بووە لە نزیك تەیناڵ لە نێوان دەربەندی بازیان و شارۆچکەی بازیان دۆزرایەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراوە، نووسینەکە بە خەت و زمانی عیبری نووسراوە و بۆ ساڵی ١٣٥٧ز. دەگەڕێتەوە، بەڵام بە ڕێنووسێکی عیبری کۆنتر نووسراوە کە بۆ سەدەی ١٢ی زاینی دەگەڕێتەوە، نووسینەکە لە لایەن کوڕێکەوە بۆ یادەوەری گۆڕەکەی دایکی نووسراوە، دایکی ناوی صیفۆرەی کچی دان بووە، کوڕەکە هیوا دەخوازێت دایکی بچێتە بەهەشتی عەدەنەوە، نووسینەکە بەم شێوەیە وەرگێڕدراوە:

"بە یادەوەری داپەروەر (ڕووەو خۆرهەڵات) بۆ خێر و خۆشی دایکی خۆی تا بیبێتە پەناگەیەکی فەڕی، تا لە بەهەشتی عەدەندا بێت، لە یادەوەری صیفۆرە کچی دان. "(*Desreumaux, 2018, p.153*)

دۆزینەوەی ئەم نووسینە عیبرییە جێگەی سەرنجە، چونکە جوولەکەکانی کوردستان کە لە سەردەمی ئاشورییەکانەوە لە ساڵی ٧١٥پ.ز.ەوە ڕاگوێزران بۆ کوردستان بە پێی ئەو بەڵگانەی تا ئێستا لەبەر دەستن هیچ دەقێکی عیبرییان تۆمار نەکردووە، بەڵکو خەت و زمانی ئارامییان بە کار هێناوە، جوولەکەکانی کوردستان هەتا ئەو کاتەی کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل هەر بە خەت و زمانی ئارامیی نوێ دەدوان و دەیاننوسی(Noorlander, 2014: 201-224).

## ١٢- دەستنووسە کۆنە کوردییەکەی ئەشکەوتی هەزارمێرد و هێرشی سوپای ئیسلام بۆ شارەزوور

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هەندێک نووسەری کورد وەک دۆکتۆر سەعیدی کوردستانی و موکریانی و عەلائەدین سەجادی چەند جارێک دەقێکیان بڵاوکردووەتەوە کە بە (هورمزگان رمان ئاتران کژان...) ناسراوە، ئەم دەقە وا بڵاو کردەوە کە لە ئەشکەوتی هەزارمێرد دۆزراوەتەوە و لەسەر پێستە نووسراوە، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو دەقە کەس نەیبینوە و لە هیچ مۆزەخانەیەکیشدا نەپارێزراوە، تەنانەت دواتر پسپۆڕانی زمانی کوردی بۆیان دەرکەوت کە ئەم دەقە ساختەیە، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت ئەم دەقە زیرەکانە ساختە کراوە و هەوڵ دراوە وشەی کۆنی ئەو سەردەمە بەکار بهێندرێت، بەڵام بۆ پسپۆڕان بە ئاسانی دیارە کە ئەم دەقە ساختەیە، لەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەدا ژمارەیەک پسپۆڕ لە پسپۆڕی جیاواز قسە لەسەر ساختەیی ئەم دەقە دەکەن، ئێمەش لەو بەرنامەیەدا لە ڕووی شوێنەوارییەوە باس لە نەبوونی ئەو دەقە دەکەین[1]، لێرەدا بە پێویستمان زانی باسی ئەم دەقە بکەین، چونکە ئەگەر ئەو دەقە ساختە نەبوایە ئەوا دەبووە کۆنترین دەقی ئەدەبی کوردی و کۆنترین تۆماری کوردی بەم ئەلفبێ کوردییەی ئێستا، بەڵام بەداخەوە دەقەکە ساختەیە.

## ١٣- ئەلفبێی کوردی لە سەردەمی عەباسییەکاندا

تا ئێستا بەڵگەی تەواو لەبەر دەستدا نییە کە لە کەیەکەوە کورد دەستی کردووە بە بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیەی ئێستای، بەڵام بێگومان بناغەی بەکارهێنانی ئەلفبێی ئارامی و پاشان ئەلفبێی ئەشکانی و پەهلەوی و دواتریش ئەلفبێی عەرەبی سەردەمی ئیسلام (ئەلفبێی عەرەبی قورئان) هەموو ئەم ئەلفبێیانە کاریگەرییان لەسەر ئەم ئەلفبێ کوردییەی ئێستا هەیە. بەڵام لەوە دەچێت لە کوردستان و لەلایەن

---

[1] https://www.youtube.com/watch?v=GJsd3HSUHZQ

کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسییەکاندا لە ناوچە جیاوازەکاندا لەلایەن نووسەرە کوردەکانەوە ئەلفبێیەکی کوردی جیاوازیان بەکارهێناوە و تەنانەت کتێبیشیان پێ نووسیوە، لە ئێستادا تەنها سەرچاوەی زانیاریمان دەربارەی ئەو ئەلفبێ کۆنە کوردییە لە ئیبن وەحشییەی نەبەتی یەوە بەدەست گەیشتووە، ئەو لە کتێبەکەیدا دەربارەی ڕێنووسە جیاوازە کۆن و نوێیەکانی سەردەمی خۆی و سەردەمی شارستانیەتە کۆنەکان نووسین و ئەلفبێی گەلانی کۆن و هاوسەردەمی خۆشی بەوردی شیکردۆتەوە، ئەو تەنانەت هەوڵی داوە نووسینی هیرۆغلیفی میسرییە کۆنەکانیش بخوێنێتەوە و شیکردنەوە بۆ هەندێک وێنە و هێمایان بکات. ئیبن وەحشییە باس لە ئەلفبێیەکی کۆنی کوردی دەکات و گشت پیتەکانیش نووسیوەتەوە و لە بەرامبەریشیدا پیتەکانی ئەلفبێی عەرەبی نووسیوە. لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام) یەك لاپەڕەی بۆ ئەم ئەلفبێ کوردییە دەستنیشان کردووە(وێنەی ٨)، و بەم شێوەیەی خوارەوە زانیاری دەربارەی ئەم ئەلفبێیە نووسیوە:

"تایبەتمەندی پێنووسێک (ئەلفبێیەک) لە پێنووسە (ئەلفبێ) کۆنەکان، کە تێیدا چەند پیتێکی زیاتری تێدایە لە ڕێسا پیتییەکان، ئەم ڕێنووسە پێی دەوترێت (ئەلفبێی) کوردەکان، دەگوترێت کە ئەم پێنووسە (ئەلفبێیە) ئەوەیە کە بینو شادوماسی ئەلسوراتی هەموو زانستەکانیان و هونەرەکانیان و کتێبەکانیان بەم پێنووسە (ئەلفبێیە) نووسیوە و ئەمەی خوارەوە وێنەیەکە لەو(ئەلفبێیە). "(النبطي الكلداني، ٢٠١٠).



وێنەی ٨: پیتەکانی ئەلفوبێ کۆنە کوردییەکەی کە لەلایەن نەبەتییەوە باس کراوە، لە دەستنووسەکەی "(النبطي الكلداني، ٢٠١٠)وەرگیراوە.

ئەم ئەلفبێیە لە ٣٠ پیت پێک هاتووە، هەموو پیتە عەرەبییەکانی وەک (ص ط ث ذ ض ظ) کە لە هەندێک زماندا نین لەم ئەلفبێیەدا هەن، بەڵام ژمارەیەک پیتی ئەلفبێی کوردیی ئێستا وەک پیتەکانی (ێ ە ڵ ڕ گ ژ ڤ وو ۆ) لەم ئەلفبێیەدا نابیندرێن. بێگومان بەشێک لەو پیتانەی کە بە عەرەبی ناسراون لە ئەلفبێی زمانەکانی ئارامی و عیبری و تەنانەت پەهلەوی و سانسکریتیدا هەن، بە وردبوونەوە لەو ئەلفبێیە هەست دەکرێت کە دانەرانی ئەم ئەلفبێ کوردییە کۆنە هەوڵیان داوە سوود لە ئەلفبێی ئارامی و عیبری کۆن و پەهلەوی وەربگرن، لەم ئەلفبێ کۆنە کوردییەدا هەوڵ دراوە جووڵە و پەلوپۆ بۆ پیتەکان زیاد بکرێت و پیتەکان ئاڕاستەیان بگۆڕدرێت تا لە ئەلفبێکانی تر جیاواز بن، هەندێک پیتیان تا ڕادەیەک هاوشێوەن لە پیتەکانی ئەلفبێ کۆنەکانی تر بۆ نموونە نووسینی پیتی (ص) لەم ئەلفبێ کۆنەی کوردیدا تا ڕادەیەک هاوشێوەیە لەگەڵ هەمان پیت لە ئەلفبێی کۆنی عیبریدا. پیتی (ط) تا ڕادەیەک هاوشێوەیە لەگەڵ نووسینی پیتی

(ت) لە ئەلفبێی کۆنی سانسکریتی لە قۆناغی گەشەکردنی خەتەکە کە پێی دەگوترێت قۆناغی براهما، بە هەمان شێوە نووسینی پیتی (ث) کەمێک هاوشێوەی هەمان پیتە لە قۆناغی براهمای پێش سانسکریتیدا. ئەم بابەتە کاری زیاتری دەوێت و هەندێک دەرئەنجامی نوێ دەربارەی ئەم ئەلفبێیە لە کتێبێکی تایبەتدا دەربارەی زمان و ڕێنووسە کۆنەکانی کوردستان زیاتر گفتوگۆ دەکەین. قۆناغی بەکارهێنانی ئەلفبێی کۆنی کوردی تۆمارکراو لەلایەن ئیبن وەحشیەی نەبەتی، قۆناغی ئەلفبێی کوردیی نوێ و ئەلفبێی لاتینی.

## ١٤- چەند تێبینییەک دەربارەی ئەلفبێی کوردی و بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی

ئەم ئەلفبێیەی ئێستە کورد لە باشور و خۆرهەڵات و خۆراوا و بەتەمەنەکان وتوێژەران و حوجرەکانیش لە باکوری کوردستان بەکاری دەهێنن بەهەڵە ناونراوە ئەلفبێی عەرەبی، چونکە لە ڕاستیدا زیاتر لە ٢٧ سەدەیە خەڵکی کوردستان ئاشنای ئەلفبێی ئارامی بوون، ئەمەش پێش دەرکەوتنی مەسیحی و هەزارەیەک پێش دەرکەوتنی ئیسلام ئەم ئەلفبێیە هەبووە و هەر لە ئەلفبێی ئارامییەوە ئەلفبێی ئەشکانی و پەهلەوی(پارسی ناوەڕاست) پەیدابوون، و دواتریش ئەلفبێنە کۆنە کوردییەکە و ئەلفبێی عەرەبی و دوای هەموویانیش ئەم ئەلفبێ کوردییەی ئێستا، لەبەر ئەوە زمان و خەتی کوردی ئاشنا بوو بە پیتەکانی (ع، ص، ص، ط)کە لە ئەلفبێ و زمانی ئارامی و عیبریدا و پەهلەویدا بەکار دەهێندران، پیتی یاخود دەنگی (ث) تەنانەت لە زمانە کۆنە ئێرانییەکان ئەشکانی و پەهلەویشدا هەبووە، لەبەر ئەوە ئەو ئەلفبێ کوردییەی ئێستا کە زۆرینەی کورد بە درێژایی سەدان ساڵە بەکاری دەهێنێت قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە، زۆرێک لەو دەنگ و پیتانە ناکرێت بە بێگانە دابندرێن، هەرچەندە لەوانەیە زۆر بەو قورسییە لە کاتی ئاخاوتندا گۆ نەکرێن، بۆ نموونەی کاتێک لە ناوچەی شارباژێڕ دەڵێن (خاڵە شێخ عەلی) پیتی (ع) گۆناکرێت و دەبێت بە (خاڵە شێخەلی)، بەڵام لە چەندین وشەی تردا لە شار و لادێ پیتی (ع) زۆر زەق دەبێتەوە، لە ناوچەی پشدەر و دەشتی هەولێر هەموو (عەلی) و (عومەر)ێك دەکەن بە (حەلی) و (حومبەر)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەموو ناوێک بە پیتی (ح) دەست پێ بکات دەیگۆڕن بۆ (ع)، لەبەر ئەوە (حەوز) دەگۆڕن بۆ (عەوز)، تەنانەت زۆربەی کات لە بەشی مێژووی زانکۆکانی کوردستان کاتێک فێرخوازەکانی ئەو دوو ناوچەیە باسیان لە شەڕێکی مێژوویی دەکرد، لەبریی (حەرب) دەیانگوت (عەرب).

دەربارەی بزوێنەکان، کە کراوەتە بیانویەک بەدەست چەند کەس و گروپێکەوە بۆ ئەوەی کورد دەستبەرداری ئەم ئەلفبێیە ببێت بە بیانوی ئەوەی هەندێك بزوێنی شاراوە هەیە دەرناکەون، بۆ نمونە زۆرجار بە من گوتراوە ناوی تۆ (دڵشاد) پیتێکی بزوێنی (ئای) شاراوە هەیە لەنێوان پیتی (د) و پیتی (ڵ) منیش هەموو جار دەڵێم، من کاتێک ناوی خۆم دەڵێم گوێم لێبگرە باش ئەو پیتە بوونی نییە، جارێکیان هاوڕێیەکی ئینگلیزم کە شوێنەوارناسێکی چالاکە و لە چەند شوێنەوارێکی باشوور و باکووری نیشتیمان کاردەکات، بە منی گوت چۆن دەبێت ناوەکەت بە ئەلفبێی ئینگلیزی نووسیوە و لە نێوانی پیتی (D) و پیتی (L) پیتی (i)ت نەنووسیوە، ئەوە هەڵەیە، منیش پێم گوت، ئەگەر ئەوەی من هەڵە بێت ئەوە ناوی خۆت و باپیریشت بەهەڵە لە ئینگلیزیدا دەنووسرێت، چونکە ناوی خۆی (John) و ناوی باپیریشی (MacGinnis) گوتم کاکە جۆن پێم بڵێ بۆچی لە نێوان (hn) و (cG) (nn)هیچ پیتێکی بزوێن نییە. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە هەوڵەی بەرەو لاتینیبوون لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کە هەندێک نووسەری کورد پێی کاریگەربوون بەشێکی پەیوەندی بە چاولێکەری شا و ئەتاتورکەوە هەبوو، تەنانەت نازییەکان هێندەیان گرنگی بە فارسەکان دەدا کە بەو ئاکارەدا برۆن و هەندێک لە کوردەکانیش کەوتنە ژێر ئەو کاریگەرییەوە کە پرۆژەی ئاریایی و خۆ بە بەرزتر و جیاوازتر و خۆ دابڕاندن لە ڕابردووی گەل بە خەت و باوەڕ و هەموو شتێکەوە و خۆجیاکردنەوە لە گەلانی ناوچەکە ببووە خولیای سەری زۆرێک لە فارس و کوردەکان، هاوڕێم (محەمەد ئەلسولەمی) کە نووسەرێکی دیاری وڵاتانی کەنداوە و لە زانکۆی تاران خوێندویەتی و پاشان لە زانکۆی لایدن لە هۆڵەندا دکتۆرانامەیەکی دەربارەی ئەم بابەتە نووسی (Iranian orientalism: notions of the other in modern Iranian thought)، کتێبێکی واش پێویستە دەربارەی کورد بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەک دەربارەی ئەو ڕەوتە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە کوردستان بکرێت.

هەرچەندە تەنها تورک هەوڵەکەیان بەو ئاراستەیە بە ئەنجام گەیشت و سەر ئەنجام ڕابردوو و لە ئەرشیفێکی گەورەی خۆیان دابڕان، و ئێستە بە ملیۆنان بەڵگەنامەی سەردەمی عوسمان لە هەموو بوارە ئەدەبی و زانستی و کارگێڕی و مێژووییەکان لە ئەرشیفانەکانیاندا کەم

توێژەری تورک هەیە بە ئاسانی لێی تێبگات، لەبەر ئەوە ساڵانە بە هەزاران توێژەری وڵاتانی خاوەن ئەلفبێ نزیکەکە لەو ئەلفبێیەی کە دەوڵەتی عوسمانی بەکاری دەهێنا لەلایەن زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوەی تورکیاوە پارەیان پێ دەدرێت و پشتگیری دەکرێن تا بێن بەرهەمی ڕابردوویان بۆ بخوێننەوە، لەم هەوڵەشدا توێژەران و ئەکادیمیانی کوردی باشوور سودمەند بوون و توانیویشیانە چەندین بەڵگەنامە و کتێبە لەسەر کوردستان بدۆزنەوە کە ئەگەر تورک لێی تێبگەیشتایە لەوانەبوو ڕێگەی نەدایە وا بەئاسانی بگاتە دەست ئەو توێژەرە کوردانە. لە ساڵانی نەوەدەکاندا ئەم هەوڵە لە باشوور سەری هەڵدایەوە، بەڵام هەر زوو ڕۆشنبیران و نووسەران و شاعیران بەتوندی دژی وەستانەوە، چونکە گۆڕینی ئەلفبێ لە کوردییەوە بۆ لاتینی، ئەویش لاتینییەکی ئاڵۆزی پرکێشەی وەک ئەوەی کە ڕەوتێکی سیاسی لە باکوور لە ژێر کاریگەری لاتینییە تورکییەکەی ئەتاتورکەوە وەریگرتووە نەک لە لاتینییە سادە و ڕەسەنەکە جگە لەسەر ئێشە خزمەتێک بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوش ناکات.

لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١١ کاتێك لە بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر وانەی هونەر و شارستانییەتی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس و خۆرهەڵاتی کۆنم بە فێرخوازانی ئەو بەشە دەگوتەوە، لەناو پۆلێکی ٤٠ فێرخوازیدا، زیاتر لە ٥ فێرخواز لە باکووری کوردستان، کەمتر لەو ژمارەیەش لە خۆرهەڵات و خۆراوای کوردستانەوە لەو بەشە لەگەڵ فێرخوازانی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشور پێکەوە دەیانخوێند، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، فێرخوازانی خۆراوا زیاتر لە جارێک لە یەکەمەکانی بەشەکە بوون، بە هەمان شێوە فێرخوازانی خۆرهەڵاتیش ئاستێکی باشیان هەبوو، بەڵام فێرخوازانی باکووری هەمیشە کێشەیان هەبوو و لە دواوە بوون، هۆکاری سەرەکی ئەو ڕێنووسە لاتینییە بوو، نەک تەنها لەبەر ئەوەی ئەوان لە چوارساڵی زانکۆدا زۆربەیان ئامادە نەبوون دەستبەرداری ببن، بەڵکو لەبەر ئەوەش بوو کە زانینی تەنها ئەو ئەلفبێ لاتینییە لە هەموو مێژوو و ئەدەبیاتی ڕابردووی دایبڕیبوون، ئەوان بە جۆرێک لە ڕابردووی ئەم نیشتمانە دابڕابوون کە ئاستەم بوو لە ناو وانەکەدا لەو چوارچێوەیە دەربچن، بێگومان ئەوانیش فێرخوازی زیرەک و بەتوانایان هەبوو، بەڵام ئەوە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی دابڕانیان لە خوێندکارەکانی بەشەکانی تری کوردستان.

وڵاتانی چین و ژاپۆن و کۆریا و هیندستان لە پێشەنگی وڵاتانی پێشکەوتوون، بەڵام بە پێویستیان نەزانیوە ڕابردووی خۆیان وەلا بنێن و دەستبەرداری ئەو ڕێنووس و هێما سەختە کۆنانەی نووسینیان ببن، بەهەمان شێوە وڵاتی یۆنان تا ئێستەش هەر ئەلفبێ کۆنەکەی خۆی بەکاردەهێنێت، گوێ نادات بە تەواوی ئەوروپای خۆراوا کە نوکتەیەکیان دروست کردووە و هەر شتێ کۆن بێت دەڵێن کۆنە وەک یۆنان و ئەلفبێکەی، ڕووسیا، لەگەڵ ئەوەی هێزێکی سەربازی و ئابووری گەورەی جیهانە، ئەویش ئەلفبێ کۆنەکەی خۆی پاراستووە و دەستبەرداری ڕابردووی خۆی نابێت، لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بە سەدان هەزار سەرچاوەی نووسراو بەو ئەلفبێیە لەلایەن ئەوروپای خۆرئاوا و ئەمریکاوە پشت گوێ خراوە و لۆمەی هیچ توێژەرێک ناکرێت کە بۆچی سەرچاوەی ڕووسی بەکار نەهێناوە، ئەمەش بەشێکە لەو سیاسەتەی خۆراوا و ئەمریکا وەك درێژە پێدەرێکی جەنگی سارد لە بواری ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا درێژەیان پێدا، بەجۆرێک ئێستە لە زۆر بواردا کەم توێژەری بێگانە هەیە بچێتەوە سەر سەرچاوە ڕووسییەکان، لە ڕۆژی ئایاری ساڵی ٢٠١٤دا لە کۆنفرانسێکی زانستی بووم دەربارەی شوێنەوار و کەلتوری ناوچەکانی قەوقاز و میسۆپۆتامیا، لەوێ پرۆفیسۆر کە لە ڕووسیاوە هاتبوو باسی لەوە کرد کە چۆن جیهان ئەو سەرچاوە گرنگانەی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان کە بە خەت و زمانی ڕووسی نووسراون پشت گوێ خستووە، ئەو نیگەران بوو کە چۆن ئاوا بە سانایی تواندرا ئەو کارە بکرێت، بەڵام ئەوەشی گوت کە ئەمە ڕاستە ڕووسیای لە بواری زانستیدا گۆشەگیر کردووە، بەڵام بوارە زانستییەکانیش زەرەرمەند بوون بە نەگەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوە گرینگانە، بەڵام ڕووسیا هەر ڕووسیایە و کەسێک ڕاستنەبووەوە بڵێت با واز لە ئەلفبێکەی زەمانی قەیسەری بهێنین، چونکە ئەوان دەزانن ئەو هەنگاوە لوتکەی ئاسایشی نەتەوەیی و تەنانەت فراوانخوازی ڕووسیای قەیسەری، سۆڤێتی و پۆتینیش دەخاتە مەترسییەوە. کۆتا نمونەش ئەرمینیایە کە درێژترین ئەلف و بێی هەیە و زیاتر لە ٤٥ پیتە، بەڵام ئەوانیش هەرچەندە لە زۆر بواردا بەرەو ڕووی جیهانگیری و خۆرئاوا کراونەتەوە، وەک کورد زۆریان پیویست بەو ئەلفوبێیەیە تا ڕابردوو و داهاتوویانی پێ بپارێزن، بێگومان دەوڵەتی ئیسرائیلیش کاتێک ئەلفبێ و زمانی عیبری کردە زمان و ئەلفبێی فەرمی قەوارەکەی باش دەیانزانی کە ئەو هەنگاوە کاریگەرترینە بۆ داکوتنی ڕەگێکی پتەو لەو

The Quarterly Journal of Shinrwê

خاکەی کە ناوی زۆربەی شوێنە جوگرافییەکانی ئەو ناوانەن کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە تەوراتدا بەو خەت و زمانە تۆمارکراون، بۆ ئەوەی ئەو هەستە بدەن بە هاونیشتیمانیانی خۆیان تا بزانن ئەوان نە لە جوگرافیا بەڵکو لەناو مێژووی عیبرانییەتیشدا دەژین، ئەم هەنگاوەش سەرکەوتووی کردن لەوەی کە جۆرەها جوولەکەی سوور و سپی و ڕەش و بۆری هەر پێنج کیشوەرەکەی جیهان لە قەوارەیەکدا کۆ بکەنەوە و ئەو هەستەیان لا دروست بکەن کە ئەوان لە نەوەکانی ئیسرائیلن.

ئەم نموونانە تێمان دەگەیەنێت کە کورد لە سەردەمی عەباسییەکاندا خەت و ڕێنووسێکی کۆنی خۆی لەگەڵ هاتنی مەغۆلەکان لە دەستدا، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە دەستنووس بەو ئەلفبێ کۆنە کەم بووبن بە جۆرێک لە دوای مەغۆل کوردە نووسەرەکان بناغەی ئەو ئەلفبێیەی ئێستەیان دانابێت، لەبەر ئەوە ئەگەر کورد لە باشوور و خۆرهەڵات و خۆراوا هەنگاوە هەڵەکەی باکوور بنێت کە ڕەوتێکی سیاسی پشتگیری لێدەکات، ئەوا هەڵەیەکی ستراتیجی ڕوو دەدات و زیانێکی گەورە بە ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیندرێت، پێشکەوتن پەیوەست نییە بەزمان و ڕێنووسەوە، پێشکەوتن هەنگاوی کرداری زانستی دەوێت، نەک گۆڕینی ئەلفبێی و سەرئێشە زیادکردن بە پیتگۆڕین و ئەلفبێ گۆڕینەوە.

ئێستە لە کوردستاندا دوو ئەلفبێی ڕەسەن بەکاردێن، ئەوانیش ئەلفبێی ئارامییە کە مەسیحی و جوولەکەکانی کوردستان بەکاریان دەهێنا و بەکاری دەهێنن، کە پێی دەگوترێت ئارامیی نوێ یاخود زۆربەی کات بە ئەلفبێکە دەگوترێت سریانی، ئەم ئەلفبێیە نەک تەنها لە کەنیسە و دێرەکان، بەڵکو ئێستە لە چەندین قوتابخانەش خەت و زمانی فەرمی نووسین و خوێندنە، لەبەرامبەریشدا ئەلفبێی کوردی، کە کوردە موسوڵمانەکان و یەزیدی و کاکەییەکانیش بەکاری دەهێنن، ئەلفبێی لاتینی لە باشوور و خۆرهەڵات و خۆراوا هیچ ڕەواجێکی نییە، هیوادارم هەر واش بمێنێتەوە و باکووریش بگەڕێتەوە سەر ئەو ئەلفبێ ڕەسەنانەی کە کورد لە ڕابردوو دانابڕێت، چونکە زمانی کوردی کە پارێزراوە، بەشێکی بەهۆی ئەم ئەلفبێیەوەیە کە سەدان ساڵە کوردی هێشتووەتەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەو قەوارە سیاسییەی ئێستە خۆی بە خاوەنی پرۆژەی کوردانی خۆراوا دەزانێت بێت و ئەلفبێی لاتینی بەکار بهێنێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە زیانێکی گەورە لە زمان و ئەدەبی کوردی دەدات، چونکە جیاواز لە باشووری کوردستان کە بە درێژایی سەدەی بیستەم خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بووە و هەزاران کتێب بە زمانی کوردی نووسران و چاپ کران، لە خۆراوا ڕژێمی سووری بەتەواوەتی زمان و ئەلفبێی پشتگوێ خستبوو و زمانی ئاخاوتن و نووسین لە ڕۆژئاوای کوردستان زمانی عەرەبی بوو، لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی لاتینی، ڕاستەوخۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوام دەبن لە بەکارهێنانی زمان و ئەلفبێی عەرەبی. ئەم خەمخۆرییەی ئێمە زیاتر ڕەهەندێکی ئەکادیمی و مێژوویی هەیە و وەک شوێنەوارناسێک لە زانکۆکانی کوردستان و هۆڵەندا بەشداری چەندین کۆرسی زمانە کۆنەکانی کوردستان و میسۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی بووین و لەوە تێدەگەین کە دوورکەوتنەوە لە کەلتوور و ڕابردوو بۆ گەلێکی وەک ئێمە تا ئێستە کە قەوارەیەکمان نییە مەترسییەکی گەورە دەبێت، لەسەر زمان و ڕێنووسی کوردی، نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی بۆخۆی کێشەیە، بەڵام لە باری ئێستادا کە ڕۆژنامەنووسی زماننەزان لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان بوونەتە پێشەنگی وشەسازی و داتاشینی زمان و ڕێنووس ئەوە ئەوەندەی تر دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە.

## ١٥- کۆتایی و دەرئەنجامەکان

لە کوردستان (زاگرۆس و باکووری میسۆپۆتامیا)ی کۆندا ژمارەیەک نووسین و ڕێنووس و ئەلفبێ بەکارهێندران. سەرەتای نووسین لە هێما و پەیکەرە بچووکە هێماییەکانەوە بۆ نووسینی وێنەیی و پاشان بۆ نووسینی مێخی، نووسینی مێخی بۆ زیاتر لە سێ هەزار ساڵ لە کوردستان و میسۆپۆتامیادا بەکار هێندرا.

چەندین زمان بە خەتی مێخی تۆمار کران، وەک زمانی خووری، زمانی ئەکەدی (دیالێکتەکانی بابلی و ئاشوری)، و حیتی، و عیلامی و میدی-فارسی کۆن بە خەتی مێخی، بەڵام بۆ نموونە تا ئێستا هیچ دەقێکی سومەری لە کوردستاندا نەدۆزراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کۆنترین زمانە بەم خەتە نووسراوە. هەروەها هەندێک زمانی کۆنی کوردستان هەبوون بە پێی ئەو بەڵگانەی کە تا ئێستا لەبەردەستدان هیچ دەقێکیان پێ تۆمار نەکراوە، وەك زمانەکانی سوباری، لوللوبی، گوتی و کاشی (Marf, 2016, p.50 ).

دواتر نووسینی وێنەیی هیرۆگلیفی ئوراراتی، و پاشان بڵاوبوونەوەی ئەلفبێ و زمانی ئارامی لە سەدەی هەشتەمی پێش زاینەوە بە بەردەوامی بەکارهێندراوە هەتا ئەم سەردەمەی ئەمڕۆمان. خەت و زمانی گریکی لە دوای هاتنی ئەسکەندەرەوە بەکارهێندران، وەک نووسینەکەی گردی باخچان لە شاری هەولێر، نووسینە گریکییەکەی ئەشکەوتی کەرەفتو و نووسینی قەباڵەکانی هەورامان. بەڵام بە زمان و خەتی لاتینی دەق و نووسراو کەمن و پێناچێت لە کوردستاندا ئەم خەت و زمانە بە فراوانی وەک گریکی بەکارهێندرابێت، یەکێک لەو تۆمارە دەگمەنانە میلە بەردینە ڕۆمانییەکەی ئیمپراتۆری ڕۆمانی تراجانە کە لە دەوروبەری ١١٥ز. لە ناوچەی نێوان ئەربێلا و سەنگارا(سنجار) بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر ئەشکانییەکان تۆماریکردووە.

ئەلفبێی ئەشکانی و پەهلەوی (پارسی ناوەڕاست) لە سەردەمی ئەشکانیدا(١٥٠پ.ز.-٢٢٤ز.) لەسەردەمی ئەشکانیدا ئەلفبێی ئەشکانی بە شێوەیەکی کەم بەکاردەهێندرا، یەکێک لەو دەقە دەگمەنانە ئەو دەقەی قەواڵەکانی هەورامانە کە لەسەر پێستە نووسراوە و باس لە کڕین و فرۆشتنی ڕەز و باخ دەکات، بەڵام پەهلەوی و ئەشکانی لە سەردەمی ساسانییەکاندا زۆر بە فراوانی بە کار دەهێندرا، یەکێک لە درێژترین نووسینە ئەشکانی و پەهلەوییەکان نووسینیەکانی پاشای ساسانی نارسە بوو لە ساڵی ٢٩٣ز. کە لە مۆنۆمێنتی پەیکوڵی لەسەر دەیان بەردی گەورە نەخش کراون و نووسراون.

زمان و خەتی عیبری زۆر کەم لەلایەن جولەکەکانی کوردستانەوە بە کار هێندراوە، لە جێگەی ئەوە زمان و ئەلفبێی ئارامییان بە کار دەهێنا. یەکێک لەو دەقە دەگمەنانەی بە عیبری نووسراوە کێلی گۆڕێکە لە نزیک دەربەندی بازیان دۆزراوەتەوە.

ئەلفبێیەکی کۆنی کوردی لەلایەن ئیبن وەحشیەی نەبەتی کلدانییەوە لە سەردەمی عەباسییەکاندا تۆمار کراوە، بەپێی ئەم نووسەرە ئەلفبێی ئەم خەتە ٣٠ پیت بووە و زۆربەی پیتە ئارامی و عیبری و عەرەبییەکانیش لە خۆ دەگرێت و هەندێک پیتی کوردییشی تێدا نییە، بەڵام ئیبن وەحشییەی نەبەتی کلدانی دەڵێت کە کوردەکان بەم ئەلفبێیە هەموو کتێبەکانی زانست و هونەر و تۆمارەکانیان نووسیوە، لەم توێژینەوەیەدا بەراوردی ئەم ئەلفبێیەم بە زۆربەی ئەلفبێکان کردووە، بۆ یەکەمجارە کە لێرەدا باسی ئەوە دەکرێت کە یەک دوو پیتی ئەم ئەلفبێیە هاوشێوەی عیبری و قۆناغی براهمای پێش سانسکریتییە، بەڵام خوا یار بێت هەر بەردەوام دەبین تا گرێکوێرەی بنەچەی ئەم ئەلفبێیە زیاتر ڕوون بکەینەوە.

لە ئێستادا زۆربەی کوردە موسوڵمانەکان ئەلفوبێیەک بەکاردەهێنن کە بە هەڵە هەندێک نووسەری کورد ناویان ناوە ئەلفبێی عەرەبی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ئەلفبێیە لە پەرەسەندنی گشت ئەو ئەلفبێیانەوە سەریگرتووە کە بەدرێژایی ٢٧ سەدە لەم ناوچەیەدا بەکارهێندراوە. هەر هەوڵێک بۆ پشتگوێخستنی ئەم ئەلفوبێیە و گۆڕینی بە ئەلفبێی لاتینی کاڵوکرچی وەرگیراو لەو لاتینییەی ڕژێمەکەی ئەتاتورک بڕەوی پێدا بە زیانێکی زۆر لە زانست و کەلتور و مێژوو و زمانی کوردستان دەگەڕێتەوە و نەوەی نوێ لە هەموو ڕابردووی دادەبڕێت و نەوەیەکی زمان تێکچووی وەک تورکی ئەمڕۆی لێ پەیدا دەبێت کە ناتوانن زمانەکەی خۆشیان بە جوانی گۆ بکەن.

## ١٦- سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:


١. أحمد، جمال رشيد، ١٩٨٨، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بغداد.

٢. مارف زاموا، دڵشاد عزيز، ٢٠١٨، کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە کۆنەکاندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی ٥، ژمارە ٣، ١٣٧-١٦٥.

٣. ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، ٢٠١١، "پەیکوڵی شوێنەوارێکی گرنگ...دەقێکی لەبیرکراو"، گۆڤاری ژین، ژمارە ٣، ل ١١-٣٦.


سەرچاوە عەرەبییەکان:


٤. رشيد، فوزي، ١٩٧٦ دراسة أولية لتمثال باسطكي، مجلة سومر، مج ٣٢ ،ص٤٩.

٥. الكلداني، أحمد إبن وحشية النبطي، ٢٠١٠ شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، تحقيق: جمال جمعة، بيروت.

سەرچاوە فارسییەکان:

٦. کخ، هایدەر ماری، 2004، از زبان داریوش،مترجم: پرویز رجبی،تهران.

سەرچاوە بیانییەکان:

7. Al-Sulami, Mohammed, 2014, *Iranian orientalism: notions of the other in modern Iranian thought,* PhD dissertation, Leiden University, Netherlands.
8. Botta P. E., & Flandin, E. N., 1972 *Monument de Ninivé/ découvert et décrit, I-II(1849/50)*, Biblio Verlag, Osnabrück, Paris.
9. Eidem, J. (Ed.), 1992 *The Shemshāra archives 2*, *The Adminstrative Texts*, Copenhagen: Munksgaard.
10. Eidem, J., & Læssøe, J., (eds.), 2001 *The Shemshāra Archives* 1: The letters, Copenhagen: Munksgaard.
11. Gelb, I. J., 1944 *Hurrians and Subarians*, Chicago: University of Chicago Press.
12. Marf Zamua, DLshad A., et al., 2019, the Invention and Practice of Writing in the Ancient near East, Glasgow University.
13. Marf, DLshad, 2016, Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, PhD Dissertation, Leiden University.
14. Desreumaux, Alain, 2018, "Une inscription hebraique medievale decouverte dans le Bet Garmai (Kurdistan d'Irak)," in: Masetti-Rouault, M., G., et al., Etudes Msopotamiennes Mesopotamian Studies (tudes Msopotamiennes Mesopotamian Studies), vol.1, pp. 151-155.
15. Marf, DLshad A., 2019 "The Aramaean Presence in the Northern Zagros during the Middle and Neo-Assyrian Periods," In: Editors: Jan Dušek and Jana Mynářová, (eds.,) *Aramaean Borders Defining Aramaean Territories in the 10th – 8th Centuries B.C.E.,* Series: Culture and History of the Ancient Near East, Vol: 101, 78-91.
16. Noorlander, P., 2014 "Diversity in convergence: Kurdish and Aramaic variation entangled," Kurdish Studies 2/II: 201-224.
17. Palermo, Rocco, 2019, *On the Edge of Empires: North Mesopotamia during the Roman Period (2nd – 4th C. CE)*, New York.
18. Kepinski C., Tenu A. 2014, Kunara, ville majeure de la haute vallée du Tanjaro (Irak, Kurdistan, province de Souleymanieh), Revue d'archéologie de l'Orient ancien hors série n°1, 4-19.
19. Schmandt-Besserat, Denise, 1977 "The Earliest Precursor of Writing," *Scientific American*, Vol. 238, No. 6, pp. 50-58. http://en.finaly.org/index.php/The_earliest_precursor_of_writing.
20. Schmandt-Besserat, Denise, 1992, Before Writing: From Counting to Cuneiform, Vol. I, USA.
21. Stein, Sir M. Aurel, 1940, *Old Routes of Western Iran,* London.
22. Van De Mieroop, Marc, 1999, Cuneiform Texts and the Writing of History (Approaching the Ancient World), London.
23. Vita, Juan-Pablo, 2009, "Hurrian as a living language in Ugaritic society," in: D.A. Barreyra Fracaroli and G. del Olmo Lete (eds.), Reconstructing a Distant Past, Ancient Near Eastern Essays in Tribute to Jorge R. Silva Castillo. Sabadell-Barcelona, pp.219-231. 221ff.

سەرچاوەی ئینتەرنێت:

24. https://www.youtube.com/watch?v=GJsd3HSUHZQ.